## پەلەقاژەی ئیسلامیەکان ... د. تاریق شاکەلی*

وتارێکی کاك (مەریوان نەقشبەندی) کەلەرۆژنامەی هاوولاتیدا پێش ماوەیەك بلاو کرابۆوە سەرنجی راکێشام کاتێك نووسیبوی (لەهەر شوێنێکی ئەم دنیایە ئەگەر ئیسلامی سیاسی هەبێت کێشەی برسێتی و گەندەڵی و پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ و شەڕ و کوشتار و نائارامی سیاسی و رۆشنبیری هەیە) ، ئەگەر سەیرێکی کێشەکانی جیهان بکەین ئەوا رادەیەکی زۆر لەوردبینیمان لەبۆچونەکانی (نەقشبەندی) بۆ دەردەکەوێت، بەلام بەداخەوە، کاك مەریوان لەبازنەیەکی زۆر بچوکدا مەوزوعەکانی تەرح کردوە و نمونەی کوردستانی گرنگیپێداوە کە بەبۆچونی من لەکوردستاندا هەرەشەی ئیسلامیەکان زۆر لاوازەو لەوانەیە نەگاتە ئاست هەرەشەکانی حزبەئیسلامیەکانی (تورکیا و ئەردەن و ئەندەنوسیا و میسر و سودان و. . . هتد) ، رەنگە نەشگاتە هەرەشەی رێکخراو و گرووپە ئیسلامیەکانی ناو ولاتانی ئەوروپاش کە دوای هێرشەکانی 11ی ئەیلوول بۆ سەر ئەمریکا وورده ورده گوشار و چاودێریان خرایەسەر و ئێستا لەبارودۆخێکی ئێجگار شپرزەدان و چاوەری دەکرێت لەماوەی چەند ساڵێکی داهاتوودا کۆتایی بەهەموو جموجوڵێکی ئیسلامی سیاسی لە ئەوروپا بێت، لەکاتێکدا لەکوردستان جگە لە چەند حزبێکی لەرزۆك و راڕا ی ئیسلامی نەبێت شتێکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت، لەوانەشە حزبە ئیسلامیەکانی کوردستان بەرهەمی واقیعی نائارامی کوردستان بووبن کەلەگەڵ یەکەم هەنگاوی سەقامگیری سیاسی و ئابووریدا لەکوردستان بەرەو نەمان رۆیشتن و ئێستا تەنها لەسەر میراتی گەندەڵیەکانی هەدوو حزبی دەسەلاتتداری کوردستان بژین و تەنانەت خەریکە هاوکاری و کۆمەکە ئیقلیمیەکانیشیان لێدەبڕێت و ئەوانەی جاران هیوایەکیان بوو کوردستان ببێتە هێلانەی ئیسلامیەکان، بەخۆیاندا چونەتەوە.

لەسەر ئاستی دەرەوەشدا و لە هەموو ئەو ولاتانەی هەوڵی بەئیسلامیکردنی دەسەلات هەبوو، رەوشەکە لەبەرژەوەندی ئیسلامیەکاندا نەبوو، سەرکەوتنی حوسنی موبارەك گورزێکی گەورەبوو لە ئیخوانەکانی میسر کەوت، کوژانەوەی ئەستێرەی بەختی حەسەن تورابی لە سودان و قەدەغەکردنی یوسف قەرەزاوی لەسەفەرکردن بۆ ئەوروپا و سەرکەوتنی حزبە عەلمانیەکان لە ئەندەنووسیا و گوشارەکانی ئەمریکا لەسەر ئەو ولات و رژێمانەی کەهاوکاری حزب و گرووپە ئیسلامیەکان دەکەن، راگەیاندنی شەری سەرتاسەری زەرقاوی دژی کورد و شیعە، هەموویان نیشانەی ئەوەن کە ئیسلامی سیاسی لەجیهاندا بەرەو هەڵدێر دەڕوات. . .

*پسپۆر لە پرسی ئیسلامی سیاسی_سلێمانی